به ناوی کوردستانی گەورە :

ح . س. سوران .   soransa@hotmail.com

# دوی ڕێبەندان !

**(وەرن با مێژووەکانمان بنووسین ، ڕەنگە هەر ئەم چەند ڕستەیەکە لێرەدا دەیخوێنیتەوە – چون برِێک لە مێژوی گەلی کوردە –لە داهاتودا ببێتە بەڵگەیەکی سەرنجڕاکێش !).**

ڕۆژی دوی ڕێبەندانی ساڵی 1945 ،لە مێژوی کورددا ، ڕۆژێکی پیرۆز و تایبەتیە ،چون ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانە و هەر لەبەر ئەمە ، تەواوی کورد ڕێزی بۆ دادەنێن . جا، ئێستا کە دوی ڕێبەندانە ، بۆ بیرەوەری ئەو کارەساتە مەزنە ، بە کورتی گۆشەیەک لەو جەژنەتان لە بیرەوەری خۆم بۆدەگێڕمەوە – کە پێمولیە تا ئێستا نەنووسراوە :

هۆزی فەیزوڵلابەگی ( بەگزادە ) ، کە لە ناوچەی بۆکان و سەقز دادەنیشن ،یەکجار زۆر هۆگری کۆماری کوردستان بوون. دەلیلێکی ئەم هۆگریە ئەمە بو ، کە شەهیدان پێشەوا قازی محەممەد ، سەدرری قازی و سەیفی قازی ، هەرسێکیان لە دایکەوە ، لە بنەماڵەی فەیزوڵلا بەگی بوون .هۆیەکی دیکەشی ئەمەبو ، کە ئەم بنەماڵەیە ، هەر لە مێژەوە بۆخۆیان خاوەنی هەستی پتەوی نەتەویی کوردی بوون . هەر بۆیەش ، لە کارەساتی کۆماری کوردستاندا، ئەم بنەماڵەیە ، یازدە نەفریان لێ لەداردرا.

هەر بەم پێیە ، بنەماڵەی فەیزوڵلابەگی و خەڵکی ناوچەکە ،لە زستانی 1945 دا، لێبڕان کە بچن ئالای کۆماری کوردستان ، لە مەهابادەوە بە ڕێورەسمێکی تایبەت بهێنن بۆ ناوچەی خۆیان و بەم چەشنە پەیوەندیان لەگەڵ کۆماردا پتەوتر بکەن .

ڕێکەوتی 1945/10/30 ، ئەندامانی ئەم هۆزە و خەڵکی هەرێمەکە ، ئالای کۆماری کوردستانیان ، لە مەهابادەوە بە ئۆتۆمۆبیل هێنا بۆ شاری بۆکان . ئەو شەوە، لە شاری بۆکان مانەوە و بەیانی ئەو ڕۆژە (1945.11.1) بە ڕێورەسمێکی تایبەت ، نزیکە دوسەد سوار و سێسەد نەفەر پیادە ئاڵاکەیان هەڵگرت و بەرەو ئاوایی یەکشەوە ، لە 10 کیلۆمیتری ڕۆژهەڵاتی بۆکان ، بەرێکەوتن ، کە ناوەندی ناوچەی فەیزوڵلا بەگی بو و ماڵی خاڵی پێشەوا قازی محەممەدی لێبو . لەم ڕێورەسمە بە شکۆیەدا ، سوارەکان ڕمبازی و سوارچاکیان دەکرد و لەگەڵ دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا ، بە پێی باو و نەریتی کوردەواری تەقڵەیان دادەکوتی و گۆرانی وێژانی دەنگخۆشی ئەو کاتەی کورد ، حەمە حەسەن و محیەددینی قەڵەندەری ، شانۆیەکیان لە بەیتی دمدم وت ، کە هێندە بەسۆزبو، زوربەی خەڵکەکە، دەستیان کرد بەگریان. دەهۆڵەکە خۆشەویستێکی جوولە لێی دەدا بە ناوی سیمەن و زوڕناکەش هەر جوولەکەیەکی کوردستانی لێی دەدا بە ناوی عەزیزە جو – یادیان بەخێر .

به تەقڵە و رمبازێن و خۆشی ، لە سەر رێگەی گوندی یەکشەوە ، ئاڵاکەیان بردە گوندی ئاڵبلاغ و شەو لەوێ مانەوە . بۆ سبەینێ (1945.11.2)، یانی دوی رێبەندان ، تەواوی خەڵک لە خزمەت ئاڵاکەدا ، گەیشتنە گوندی یەکشەوە و ئاڵاکەیان برد ، لە سەر دیواخانەکەی یەکشەوە { کە لە قەراغ حەوزەکە بو } ، چەقاندیان و جەژنێکی یەکجار گەورەیان گرت ، کە لەم جەژنە دا ، نەمر مایور ( سەرگورد ) عەلی شێرزاد ، فەرماندەی هێزی بۆکان،لە بنەماڵەی فەیزوڵلابەگی و خاوەن ملکی یەکشەوە ، وتارێکی هەرە جوانی پێشکەش کرد و بەهەشتی عەبدوڵلا نیروومەند (هاواڵ)،هۆنراوەیەکی لە وەسفی کۆماردا ، خوێندەوە، لە ژێر سەردێڕی (مانگی یەکشەوەی موکوریانی ) ، کە زۆر سەرنجی خەڵکەکەی راکێشا .

تەشکی ئاڵاکە بەم چەشنە بو : رەنگی سوور ، سپی و شین ، رەسمی دو گوڵەگەنم و پێنووسێکیشی پێوەبو . ئەم ئاڵاپیرۆزە ، تا رووخانی کۆماری کوردستان ، لە گوندی یەکشەوە ، لەسەر ئەو سەربانە، بەرێزەوە هەر دەشەکاوەو ئێستاش خەڵکە کە هەر دەڵێن خۆزگە بەو رۆژانە، بلێی ....

ئەمەش هۆنراوەیەکی خۆمە ، کە پێشکەشی دەکەم بە رۆحی تەواوی ئەوانەی ، کە لە خزمەت ئەو ئاڵایەدا بوون : نامرن ئەوانەی ....

## دوی رێبەندان

جەژنی رێبەندان ، بەنرخە بۆ گەل
رەوڕەوەی خەبات ، سەر ئەخا لەگەل
تیشکی تێگەین، لە دوندی شاهۆ
رووناک ئەکاتەو ، خاکی پاکی تۆ
هۆزی هۆگری هەتاوی هەستان
ئەبنە پەپوولەی شەمی کو ردستان
کوردی ئێزەدی و شیعە و موسایی
سوننی وئەهلی حەق، گەور و عیسایی
بادینی و لوڕ و لەک و گۆرانی
داسنی و زازا و فەیلی و سۆرانی
کۆئەبن ، لە کن ئاڵای رزگاری
کوردانە ئەژین ، لە کوردەواری
شای بەزیوی کش ، پاکی ئەبن مات
ئەو رۆژە ، سۆران ئەگاتە ئاوات
تاران – 2705/11/2 = 1384/11/2 .